سودانی: حکومەت پابەندە بە پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری زیاتر بە گوندەکانی شەبەك

ئەمە شەمە محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جەختیکردەوە حکومەت پابەندە بە پێشکێشکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر بە گوندەکانی شەبەك و ناوچەکانی دەشتی نینەوا لە ڕووی خزمەتگوزاریی حکومەت و هەوڵە ئەندازیارییەکانەوە، هەروەها کارکردن بە بەرزکردنەوەی ئاستی گۆشەپەدان لەبەر ڕۆشنایی دەخی سەقامگیری ئەوە.

ئەووسینگەی هاگیاندنی سەرۆك وەزیران لەبیانامەیەکدا ڕایگەیاند: محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، پێشوازی لە شاندکی پەکهاتەی شەبەك لە پارێزگای نینەوا کرد.

لەبیانامەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە : سودانی بەخێرهاتنی ئەندامانی شاندەکەی کرد، پێزانینی زۆری خۆی بۆ قوربانیدانی گەورەی پەکهاتەی شەبەك و پەکهاتەکانی دیکەی دەشتی نینەوا دەربڕی، هەروەها دەستخۆشی لە هەوڵستی شەرمەندانەی پەکهاتەی شەبەك لە دوای ساڵی 2003 کرد لە پاڵپشتیکردنی دەوڵەت و بنیاتنانی عێراقی نوێ و بەرگریکردن لە دەستور و یاسا، بە هاوکاری لەگەڵ پەکهاتەکانی دیکەی دەشتی نینەوا.

بەگوتەی بیانامەکە سودانی ئاماژەی بە ئەو پەراوێزخستن و وەدەرنانی ناوچەی دەشتی نینەوا لە لایەن ڕژمی دیکتاتۆرەوە تووشی بووە، جگە لەو وێرانکارییەی کە بە دەستی چەتە تیرۆریستییەکانی داعش

تووشی بوو و جەختیشی کردەوە پابەندبوونی حکومەت بە پێشکێشکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر لە گوندەکانی شەبەك و ناوچەکانی دەشتی نەینەوا لە ڕێگەی هەوڵی خزمەتگوزاریی و ئەندازیارییەکانی حکومەتەوە، هەروەها کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گێشتێدان لەبەر ڕێشنایی دەخی سەقامگیری ئەو، ئاماژەی بە دەستکەوتەکانی حکومەت کرد لە کەرتە جیاجیاکان لە ماوەی دوو ساڵ و نیوەکەیدا، لە کۆتایی بەیاننامەکەدا هاتووە : ئەندامانی شاندەکە لەلای خەیانەوە سوپاس و پێزانینی خەیان بۆ سەرۆك وەزیران دەربڕی و هەوونکردنەوەیەکی وردیان لەبارەی واقیعی دەشتی نەینەوا و گوندی (65) گوندی شەبەك و ئەو پێشهلکاریانەی کە لەلایەن داعشی تیرۆریستییەوە تووشی بوون، ستایشی سەقامگیری ئەمنییان کرد لەماوەی دوو ساڵی ڕابردووەدا، کە بەشداربوون لە گەڕانەوەی ژیان بۆ ناوچەکە و گێشەسەندنی لە بازاڕی کار، بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە.